# هەڵوەستەیەك لەسەر زەواجی میسیار

شكار ئەحمەد
shkar_qaladzaey@yahoo.com

ماوەیەك لەمەوبەر پرۆژەیەك لەلایەن بەڕێز (شێخ ئاریان عەزیز بەرزنجی) كە راوێژكاری كۆمەڵایەتی وەزیری رۆشنبیری ئەم حكومەتەی خۆمانە خرایە بەردەم پەرلەمان بۆ تاوتوێ كردن و قسە لەسەر كردن، بەو ئامانجەی دواتر بەیاسایی بكرێت و لە كوردستانیش پەیڕەوی بكرێت.

بۆیە دەبینین چ لە میدیای كوردی و چ لە سەرشەقام و لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگا باسی زۆر لێوەكرا و بووە سەرقافڵە و پێشڕەوی باس و بابەتە گەرموكوڕەكانی ئەمڕۆ، كە تیایدا شرۆڤە و لێكدانەوە و تەفسیری هەمەلایەنە و جیاوازی بۆ كرا، بەو پێیەی كە پشكێكی ئەم پرۆسەی هاوسەرگیرییە پەیوەندیەكی راستەوخۆی بە ئێمەی گەنجیشەوە هەیە، بۆیە منیش پێم باش بوو كەمێكی لەسەر بدوێم، كورد وتەنی منیش شەكرێكی تێدا بشكێنم.

ئەگەر لە بەرایدا پێناسێكی كورت بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بكەین دەڵێین: زەواجی میسیار یان (هاوسەرگیری رەو) وشەیەكی (عامییە) و لەو زمانەوە وەرگیراوە، كە خودی وشەی (میسیار) بە مانای (زۆر هاتووچۆ كردن یان زۆر رۆیشتن) دێت، میسیار جۆرە گرێبەستێكە كە لەنێوان پیاوێك و ئافرەتێك مۆر دەكرێت و دەبنە هاوسەرێكی میسیاری كە لەسەر رەزامەندی هەردوو لایان و بە ئامادەبوونی دوو شایەتحاڵ و بەرپرسیار یاخود (بەخێوكەری) ئافرەتەكە كە زیاتر باوك دەگرێتەوە، كە دواتریش وەكو هاوسەرگیری ئاسایی رادەگەیەندرێت (اعلان) دەكرێت.

بەڵام ئەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە جیادەكاتەوە لە هاوسەرگیری ئاسایی ئەوەیە كە لەلایەن ئافرەتەكەوە مارەیی وەرناگیرێت، بەڵكو دەگەڕێندرێتەوە بۆ پیاوەكە، هەروەها لەلایەن پیاوەكەوە هیچ پێویستییەكی ژیان بۆ ئافرەتەكە دابین ناكرێت وەكو: خەرجی و بژێوی و دابین كردنی جێگا و رێگا و شوێن و لە هەمووشی سەیرتر و پڕ كارەساتتر (بە دیدی من) سەرپەرشتی كردنی ئەو منداڵ یان منداڵانەی كە بەهۆی جووت بوونی ئەم ژن و پیاوەوە لەدایك دەبن باوكەكە نایخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵكو ئەركی بەخێوكردن و پەروەردەكردن و سەرپەرشتی كردن و خەرجی و هەموو شتێكی منداڵەكە دەكەوێتە ئەستۆی ئافرەتەكە بەتەنها، كە من وای دەبینم ئەمە شتێكی زۆر نامەنتیق و نابەجێیە، هەروەها نە یاسا و نە شەرعیش رێگە بەمە نادات.

هەروەها ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زۆر كەمە و زیاتریش لە هەندێ وڵاتی عەرەبی بەتایبەتی وڵاتانی میسر و مەغریب و جەزائیر و سعودیە و بەحرەین و قەتەڕ و ...هتد بەربڵاوە.

ئینجا با بزانین ئەگەر زەواجی میسیار یان هاوسەرگیری رەو لە پەرلەمانی كوردستان بەیاسایی بكرێت سوود و زیانەكانی یاخود ئەگەر بە دیوێكی تردا بڵێین ئەو كاریگەرییە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤانەی كە بەدوای خۆیدا دەیانهێنێت چ بۆ پیاوەكە و چ ئافرەتەكە و چ بۆ ئەو منداڵەی كە لە ئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییە دێتە دونیاوە و چ بۆ كۆمەڵگاش چین؟

1- **بۆ پیاوەكە:** من وای دەبینم لە هاوسەرگیری رەودا تەنها پیاوەكە سودمەند دەبێت، چونكە هەروەك لە پێناسەكەشدا ئاماژەی بۆ كراوە پیاوەكە نە مارەیی و نە دابین كردنی شوێنی نیشتەجێ بوون و نە هیچ خەرجییەك و نە سەرپەرشتی كردنی منداڵەكەی ناكەوێتە ئەستۆ و لەكۆڵی دەبێتەوە، بەڵكو ماوە ماوە (دوو هەفتە جارێك، لە مانگێكدا دوو جار یان سێ جار ئەویش چەند كاتژمێرێك) بەپێی حەز و ویستی خۆی ئەچێتە لای ئافرەتەكە و زیاتریش مەبەست لە چوونە لای ئافرەتەكە بۆ مەبەستی جووت بوون و تێكردنی حەز و عەزیرە سێكسیەكانە لەگەڵیدا.

خراپی و زیانیشی بۆ پیاوەكە ئەوەیە كە زۆربەی ئەو پیاوانەی رەواجی میسیار دەكەن خێزانیان هەیە كە لە رێگایەكی شەرعی و ئیسلامییەوە یاخود بەشێوە و دەستووری هاوسەرگیری ئاسایی هێناویانە، بەكورتی واتە خێزانی یەكەمیان هەیە، بۆیە دەبینین لە ترسی هاوسەری یەكەمی بە شاراوەیی دەهێڵرێتەوە، چونكە رەنگە لێی قبوڵ نەكات لەگەڵ

ئافرەتێکی تر ئەم هاوسەرگیرییە بکات، بۆیە بە نهێنی زەواجی میسیار دەکات (بەپێی لێکۆڵینەوەکان زۆربەی ئەو پیاوانەی زەواجی میسیاریان ئەنجام داوە بە نهێنی و دوور لە چاوی خێزانی یەکەمیان کردوویانە)، واتە لەلایەن پیاوەکەوە پەنهان دەکرێت و دەشاردرێتەوە لە خێزانی یەکەمی، بۆیە ئەگەری ئاشکرا بوونی هەیە و کە ئاشکراش بوو کێشە و گرفتی زۆری لێدەکەوێتەوە لەنێوانیان کە دوور نییە ئافرەتەکە داوای تەلاقی لێ بکات یان لێی رازی نەبێت، جا ئەگەر ژنی یەکەمی منداڵیشی هەبێت ئەوا کێشەکان زیاتر قوڵ دەبنەوە.

2- **بۆ ئافرەتەکە:** پێم وایە زۆرن ئەو هۆکارانەی کە وا لەم ئافرەتە دەکەن ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەنجام بدات لەوانەش:

أ- بەهۆی زۆر بوونی تەمەنی شوو نەکردنی (واتە بووبێتە قەیرە کچ) جا لەبەر ئەوەبێت کە خۆی هێشتبێتەوە یان هەر مابێتەوە یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت کە شووی نەکردووە، دەبینین ئەم هاوسەرگیرییە ئەنجام دەدات.

ب- لەوانەیە ئەو ئافرەتە پێشتر شووی کردبێت و تەلاق درابێت، ئینجا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دروست دەبێت لە ژیانیدا پەنا بباتە بەر ئەم هاوسەرگیرییە و پیاوێکی میسیاری بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

پ- بۆ دامرکاندنەوەی ئەو حەز و ئارەزووە سێکسیانەی کە تیایدا کەڵەکە بووە و ناشیەوێت بەرێگایەکی هەڵە یان بەشێوەیەکی هەرەمەکی لەگەڵ پیاوێک کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی شەرعی و یاسایی لەگەڵدا نییە دایمرکێنێتەوە و خۆی لێ بەتاڵ بکاتەوە.

ت- بوونی بۆشایی و گرفتی جۆر بە جۆر لە ژیانیدا کە وا هەست دەکات بە ئەنجام دانی میسیار لەگەڵ پیاوێک پڕیان دەکاتەوە یان چارەسەریان دەکات (کە من پێم وایە بەشێکی زۆریان ئەم هاوسەرگیرییە چارەسەر ناکرێن و پڕ نابنەوە، بەڵکو ئافرەتەکە تەنها لە لایەنە سێکسییەکەوە سودمەند دەبێت.

ج- ئەمە سەرباری چەند هۆکارێکی تر کە کەمتر بوونیان هەیە، لەوانەش ئافرەتی وا هەیە حەز دەکات هەر لە ماڵە باوانی بمێنێتەوە جا لەبەر ئەوە بێت کە هۆگریان بووە و ناتوانێت دەستبەرداریان بێت یان لێیان دوور بکەوێتەوە یان بەهۆی ئەوە بێت کە باوک و دایکی بەتەمەندا چووبن و توانای خۆبەخێوکردنیان نەمابێت و کەسیش نەبێت ئەرکی بەخێوکردنیان بگرێتە ئەستۆ، بۆیە ئەو بیەوێت لەلایان بمێنێتەوە و خزمەتیان بکات و ... هتد.

وێڕای ئەمانە دەبینین لە زەواجی میسیاردا ئافرەت زیاتر زیانلێکەوتوو دەبێت و ئەگەری زۆریشی هەیە بکەوێتە بارێکی دەروونی و جەستەی خراپەوە، چونکە لە (هاوسەرگیری رەوا)دا پیاو ناتوانێت رۆڵی مێردێکی ئاسایی و ئەکتیف ببینێت و هاوخەم و هاودەمی بێت یان وەکو پێویست تێرکەری حەز و ئارەزووە جۆراوجۆرەکانی ئافرەتەکە بێت، بەو هۆیەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵیدا نییە و زۆر بە کەمی دەچێتە لای و سەردانی دەکات، بەکورتی مشورێکی تەواوی مێردانەی بۆ ناخوات.

لەلایەکی تریشەوە ئافرەتەکە بار و ئەرکێکی زۆری بۆ دێتەپێش کە زەحمەتە یاخود باشترە بڵێم ئەستەمە بتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت، چونکە لەلایەن مێردە میسیارییەکەیەوە هیچ ئاسانکارییەکی ژیانی بۆ ناکرێت و بەشدار نابێت لە بەرێوەبردنی ماڵ و حاڵدا، بەڵکە ئەرکی خۆژیاندن و ماڵ بەرێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی منداڵەکەش دەکەوێتە ئەستۆی خودی ئافرەتەکە، کەوایە ئەرکێکی لەرادەبەدەر و مافێکی ئێجگار کەمی دەبێت.

3- **بۆ منداڵەکە:** ئەو منداڵەی بەهۆی جووت بوونی و سەرجێیی کردنی ئەم ژن و مێردەوە دێتە دونیاوە لە هەموویان زیاتر دەبێتە قوربانی و پشکی زۆری باجەکەش هەر ئەو دەیدات، بەو هۆیەی کە لە سۆز و عەتفی باوکایەتی بەدوور و بێبەش دەبێت واتە باوکەکە نائامادەیە (غیاب) دەبێت لە ژیانیدا، بەڵکو تەنیا سۆز و خۆشەویستی دایکێکی بەش دەبێت، بە بۆچوونی من کاتێک ئەم منداڵە دێتە دونیاوە پێ باوکە!، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموومان دەزانین منداڵ پێویستی بە گرنگی پێدانێکی زۆر هەیە و دەبێت لەلایەن هەردووکیانەوە واتە دایک و باوکییەوە بەپێی پێویست سۆزباران بکرێت و خۆشەویستی بەسەردا برێژرێت و باوەشێکی گەرم و پڕ لە میهرەبانی بۆ کرێتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا مرۆڤێکی کامڵ و

سەرکەوتوو و خۆش ژیان و دوور لە کێشە و خەم و ئاریشەی لێ بێتە بەرهەم، بەڵام بە پێچەوانەوە بەپێی ئەزموون وەرگرتن لەو منداڵانەی کە تا ئێستا بەهۆی ئەم زەواجی میسیارەوە هاتوونەتە دونیا دەرکەوتووە کە زۆربەیان مرۆڤی لاسار و سەرشەقامییان لێ دەرچووە، بۆیە لەم روانگەیەوە دەتوانم بڵێم ئەو منداڵانە دەکەونە گێژاوی ژیانەوە و دونیا بۆیان دەبێتە دۆزەخێکی هەمیشەیی و هەموو کات بە خەم و ئازارەوە دەژین.

4- بۆ کۆمەڵگا: هەروەکو لە بەرئەنجام و هەڵێنجراوی ئەوانەی لە سەرەوە باس کران و خرانە بەر دید دەردەکەوێت کە ئەو خێزانانەی لە ڕێگای ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەوە دروست دەبن، خێزانێکی بێ بنەما و ناکامڵ و پڕ کەموکوڕی و ئایشە دەبن، هەر بۆیە کاریگەرییەکی زۆر خراپیش لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکەن، چونکە روونە کە پێویستە لەنێوان ژن و مێرددا هاوکاری و هەماهەنگی و خۆشەویستییەکی تەواو هەبێت و تامە تاڵ و شیرینییەکانی ژیان بەیەکەوە بکەن، بەگشتی ئاوێتەییەکی رۆحی لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا ئەمە رەنگ ناداتەوە و زۆر بە دەگمەن نەبێت روو نادات، بەڵکو تەنها چێژ و کردارە جەستەییەکان لەئارادا دەبن و هەر ئەم چێژ و کردارە جەستەییانەشن کە ئەم ژن و مێردە کۆدەکاتەوە!.

لەلایەکی ترەوە پیاوەکە هەست بەو بەرپرسیارییەتییە ناکات کە پێویستە لە هاوسەرگیری و خێزاندا بوونی هەبێت، چونکە هەروەکو ئاماژەم پێدا پشکدار نابێت لە دابین کردنی شوێن و ماڵ و حاڵدا و خەرجی و بژێوی و بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی منداڵەکانیشیان ناگرێتە ئەستۆ.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە منداڵیش هەست بە بۆشایی و کەموکوڕییەکی زۆر دەکات لە ژیانیدا، بەو پێیەی کە دەبینێت باوکێکی هەیە لە باوکی منداڵانی تر ناچێت و زۆر بە کەمی لەگەڵیدا دەبێت و وەکو منداڵانی تر چێژ لە خۆشەویستی و سۆزی ئەو باوکە وەرناگرێت، بۆیە لە بەرئەنجامی ئەمەشدا دەبینین زۆربەی ئەو منداڵانە تووشی خەمۆکی و رەشبینییەکی زۆر دەبن کە کاریگەری سلبی دەروونیان لەسەر بەجێدەهێڵێت.

ئەوەی پێویستیشە لە دوماهیدا پەنجەی بۆ درێژ بکەم و بیخەمە بەر دیدی خوێنەری کورد ئەوەیە کە ئەگەر بەرێز (شێخ ئاریان) پێیوایە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەتوانێت کێشەی ئافرەتان بەگشتی و (قەیرە کچان، بێ مێردەکان، تەلاقدراوەکان) بەتایبەتی چارەسەر دەکات، ئەوا زۆر بە هەڵەداچووە، چونکە لەم چەند دێڕەی سەرەوە بینیمان و درکمان پێی کرد هاوسەرگیری میسیار خۆی خوڵقێنەری گرفت و ئاریشەی جۆراوجۆرە لە کۆمەڵگادا، هەروەها من وای بۆ دەچم کە میسیار درێژەپێدەری نەریتی گەورە بە گچکە و مارەبەجاشە. هەوڵێکیشە بۆ شێواندنی شیرازەی خێزان و لێدابڕینی ئەوانەی لەو خێزانەدا بوونیان هەیە، دواجاریش دووبارە پتەو کردن و توندوتۆڵ کردنەوەی نەریتی چەقبەستووی باوکسالارییە و هەوڵێکە بۆ پێدانەوەی مافی پاڵەوانییەتی بە پیاو و لەبەرامبەریشدا هەوڵێکی دووبارەیە بۆ کوشتن و زیندەبەچاڵ کردن و لەگۆڕنانی ئافرەتی ستەمدیدە و بێ پشت و پەنا و منداڵی بێ ناز و بەستەزمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا.